# با هەبێ (2)... بەنزینی مەعمەل "پێلەقە"*

***سەنگەر زراری***
Sangarzrary@gmail.com

نازانم تا چەند راستە، شوفێرێکی تەکسی کە بەلایەوە ئاسایی بوو ناویشی ئاشکرا بکەم پێی گوتم: لەو ماوەیە ئەو بەنزینخانەیە کرایەوە کە ماوەیەك پێش ئێستا سزا درا و داخرا. منیش گوتم دیارە سزاکەی خۆی وەرگرتووە بۆیە کراوەتەوە؟ پێکەنی و گوتی: بەڵێ وەریگرت. گوتم: چۆن؟ گوتی: بە (87) ملیۆن دینار سزا درا و ئەو بە واستە تەنها (3) ملیۆن دیناری دا. گوتم: کێ دەڵێ ئەمە وایە؟ گوتی: هیچ قسەیەك بەلاش ناگوترێ، ئێستا جاری جاران نییە شت لە خەڵك بزر بێ، باوەڕ بکە هەرشتێك بکرێ خەڵك دەیزانێ، ئینجا پێکەنی و گوتی: ئەوەی سیر نەخوا بۆنی سیر لە دەمییەوە نایەت!!! گوتم: باشە ئەم بەنزینخانەیە بۆ عقوبە درا؟ چی کردبوو؟ گوتی: لەبەرئەوە عقوبە درا چونکە بەنزینی لە "مەعمەل پێلەقە" دەهێنا، من کە لەژیانمدا ئۆتۆمبێلم لێ نەخوڕیوە و نەمبووە، هیچ کاتێکیش سەرم لە بەنزینی سوپەر و عادی دەرنەچووە و تەنها لە خەڵکم بیستووە، تووشی سەرسوڕمان بووم. گوتم: مەعمەل پێلەقە چییە؟! گوتی: ئەو مەسفایانەن کە بە قاچاغ بەنزین دروست دەکەن و بەنزینەکەیان زۆر خراپە!! گوتم: چۆن؟ گوتی لەو بێجی و مێجییە هەندێ قاچاخچی هەن نەوت لەوێ دەکڕنەوە و دەیهێنن، خۆشیان ئەو مەسفایانەیان هەیە کە پێی دەڵێن "مەعمەل پێلەقە" و دەیکەنە ئەو بەنزینە خراپە و بە ئێمەی دەفرۆشنەوە. لێم پرسی: خراپی ئەم بەنزینە چییە؟ گوتی مەکینەی سەیارە تێکدەدات. جگەلەوەش سەیارە بەم بەنزینە زۆر لەسەرخۆیە و بەخورتی دەڕوا..

جا خۆ سەیارە لەم وڵاتە نەڕوا باشترە، بیرم لەوە کردەوە تۆ سەیرکە بەم بەنزینە خراپە و بەو جۆرەی وەکو شوفێرەکە پێی گوتم سەیارە بەخورتی دەڕوا، کەچی بەو خێراییە لێی دەخوڕن و بەم هۆیەشەوە رۆژانە ئەو هەموو رووداوە روو دەدەن. ئەی ئەگەر سەیارە بە خێرایی بڕوا و بەنزینەکە باش و بێ عەیب بێ دەبێ چی بکەن؟! لەوەش گەڕێ کە هیچ شوفێرێك ئیعتیراف بە شوفێرێکی تر ناکات، گەنجێك پیرێك دەبینێ گاڵتەی پێ دەکات و پێی دەڵێت توخوا جەمەدانییەکەی توو هی سەیارە هاژووشتنە یان هی ئەوەی ببیە شوان و مەڕ بەخێو بکەی؟!! پیرەکان کە شوفێرێکی گەنج دەبینن ئاخێك بۆ رابردووی خۆیان هەڵ دەکێشن و دەڵێن: ئای های دنیا چی لێهاتییە خۆ سایەقێك نەمایە بە سایەقان بچی..

بەهەرحاڵ.. وابزنم لەسەرێکەوە مەعمەل پێلەقەش هەبێ باشە، ئەویش لەبەر دوو شت. یەکەمیان ئەوەیە سەیارەکانمان لەوە سەریعتر نابن و مەترسی پانکردنەوەی ئێمە و پێکدادانی نێوان سەیارەکان خۆیان کەمتر دەبێتەوە.

دووەمیشیان ئەوەیە ئەو بەنزینخانە بەستەزمانانەی بەو هۆیەوە عقوبە دەدرێن، چیتر عقوبە نادرێن و ناچار نابن بە واستە بەنزینخانەکانیان بکەنەوە!!!

* پێلەقە: لە سلێمانی "شەق"ی پێ دەڵێن.